

Helsinki Työllisyyspalvelut

# خزمەتەکانی دەروونناس لە خزمەتەکانی دامەزراندندا لە هێلسنکی

**لەلایەن دەروونناسێکەوە کە ئاشنای پرسەکانی هەڵبژاردنی پیشە و پلاندانانی بواری پیشەیە، دەتوانیت یارمەتی و ڕێنمایی وەربگریت بۆ بارودۆخەکانی هەڵبژاردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە  پەیوەستن بە بواری پیشەیی و مەشق و خوێندنەوە.**

### دەتوانیت داوای ڕێنمایی بکەیت بۆ نموونە

- بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە بەهێزەکان و سەرچاوە توانایییەکان و ئارەزووەکان یان خواستە پیشەییەکانی خۆت
- بۆ  هەڵبژاردنی بواری مەشق و خوێندن
- بەهۆی ئەو ئاڵنگاریانەوە کە لە ژیانی کارکردندا ئەزموون دەکرێن
- چونکە ئەو بوارەی کە ئێستا کاری تیا دەکەیت حەزت لێ نەماوە
- لەبەر ئەوەی هۆیە تەندروستیەکان و بارودۆخی ژیان یان کێشەکانی فێربوون بژاردەکان سنووردار دەکەن.

ڕێنمایی دەرفەتت بۆ دەڕەخسێنێت کە هەڵوێستەیەک بکەیت و پێکەوە لەگەڵ دەروونناس بیر لە بارودۆخ و خواستەکانی خۆت بکەیتەوە، هەروەها هەندێک گۆشە نیگای نوێت دەست دەکەوێت. ئامانجی ڕێنمایییەکە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی تۆیە لە بڕیارەکانی داهاتووتدا.  ڕێنمایی دەروونناس خزمەتێکی متمانە پێکراوە و بەخۆڕاییە.

ڕێنمایییەکان بە زمانەکانی فینلەندی و سویدی و ئینگلیزی و بە ڕێگەی وەرگێڕی زمانەوە دەدرێن.

خزمەتی نەفەرەکان بە شێوازی ڕووبەڕوو و تەلەفۆن و پەیوەندیی ڤیدیۆیی دەکرێت.

**دەتوانیت بە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە پسپۆری دامەزراندنی تایبەت بە خۆتەوە لە خزمەتەکانی دامەزراندندا بچیتە لای دەروونناس بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی.**